# بنەڕەتی دەسەڵات و چارەسەری لای ژۆن-ژاک ڕوسۆ

کاوە جەلال

ڕوسۆ، کوڕی دەوڵەتشاری ژنێف، لێ نووسەر و هونەرمەند و فەیلەسوفی فەڕەنسی، زۆر بەقووڵی بەریەککەوتنەکانی کەسی خۆی و دەسەڵات بەهەند وەردەگرێت. خەریکبوونی تیۆرییانەی ئەو بەم پرسەوە قۆناغبڕە بە کاریگەیی قووڵەوە لە دەرەوەی فەڕەنساش. ئەمە بەوەدا ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی فەیلەسوفانی هاوچەرخی مەگەر تەنیا لەنێو کتێبەکانی مێژووی فەلسەفەدا ناوببرێن، بۆ نموونە ڤۆلتێر، لێ ڕوسۆ تا ئەمڕۆ هەنووکەییە.

ڕوسۆ یەکێکە لە فەیلەسوفانی "تیۆریی مافی سروشتی"، کە ناسراوترین نوێنەرانی بریتین لە تۆماس هۆبس و جۆن لۆک. فەیلەسوف لەم شێوەیەی فەلسەفاندندا تیۆرییانە دەسەڵاتدارییەکی ڕەوا بە تێڕوانینی خۆی بنیاتدەنێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە پەیوەندییە دەوڵەتییەکانی سەردەمەوە بەرەو پاش دەگەڕێتەوە بۆ نێو ڕەوشێکی سروشتی، واتا بۆ نێو پێکەوەژیانی مرۆڤان پێش دامەزراندنی دەوڵەت، تاکو ئیدی لەم ڕەوشەوە ئەرگومێنتەکانی خۆی بۆ بناغەڕشتنی دەوڵەتێکی ماف هەڵبهێنجێت. بێگومان هەر فەیلەسوفێکیان بەگوێرەی مرۆڤدیدییەکەی خۆی گوڕان بە ئەنترۆپۆلۆژییەک (مرۆڤناسییەک) دەدات و تێیدا گریمانەی پەیوەندییە بەسروشتی بنیاتنراوەکانی نێوان مرۆڤان دەکات. دیدێکی کورت و پوخت لە هەر یەکەی تیۆرییەکانی هۆبس و لۆک گەرەکە یاریدەمان بدات ڕوونتر پرسی سوڤەرێنێتی (دەسەڵاتداری) لای ڕوسۆ ببینین.

هۆبس و لۆک، وەک دوو فەیلەسوفی سیستەماتیکی ئینگلیزی، ئەزمونگەران، لێ ئەزمونگەری لای هۆبس پتر واتای سێنسوالیزم (سێنسگەرایی) دەگەیەنێت، واتا ئەم گریمانە دەکات کە سێنسەکان (حەواسەکان) بەسەر مرۆڤاندا سەروەرن و بەمەش دەیانکەن بە بەرژەوەندگەرا. جگە لەوە ئەم دوو فەیلەسوفە "مێژوو" ناناسن، بەڵکو لە سەرەتاوە گریمانەی ڕەوشێکی سەرجەمییانەی سروشتی دەکەن. بە شێوەیەکی دی ببێژین، هزرینی مێژوویی لە فەلسەفاندندا بۆ یەکەم جار لای ژۆن-ژاک ڕوسۆ سەر هەڵدەدات.

هۆبس لەو ڕۆژانەدا دێتە جیهانەوە کە فیلیپی ئیسپانی گەلەکەشتییەکەی خۆی بەناوی "ئەرماندا" بۆ هێرشبردنە سەر لەندەن ئامادەکردبوو و دانیشتوانی ئەو شارە لە ترسدا تۆقیبوون. هۆبس سەبارەت بە زایینی خۆی دەبێژێت: "دایکم دووانەی هێنایە جیهانەوە: من و ترس". ئەم هەستە خۆییە کە هۆبسی کامڵ دەریدەبڕێت، لە ئەنترۆپۆلۆژییەکەیدا وێنەدەداتەوە و مرۆڤ ناودەنێت "گورگ". ئەو لە سێنسگەراییەوە، لە ڕوانگەی بارگاوییوونی سێنسە مرۆڤییەکانەوە بە خواست و بەرژەوەندیی خۆیی، سەرجەم پەیوەندییەکانی نێو ڕەوشی سروشتی ناو دەنێت "دۆخی جەنگی یەک دژ بە یەک"، ئەمەش وەک سەرئەنجامی سروشتی مرۆڤی گورگ. لێرەدا گەرەکە ئاماژە بۆ ئەوە بدەین کە جەنگ لای ئەو تەنیا واتای شەڕی فیزیکی ناگەیەنێت، بۆ نموونە کوشتار بە چەکی جیاواز، بەڵکو بوختان، فیتنەیی، ماچ و پاشقول، زەمکردن، تا دەگات بە داگیرکردنی نارەوای زەوی و باخی کەسانی دی، یان سامانکۆکردنەوە لەسەر ورگی خەڵک و هتد، مۆرکی ئەم ڕەوشەن. ئاخر مرۆڤ وەک بەرژەوەندگەرا هەر شتێک وەردەگرێت کە بۆ ئەو شادییەخش بێت، لێ هەر شتێک بۆ ئەو شادیهێن نەبێت یان بە بەرژەوەندییەکانی نەگونجێت، ڕەتی دەکاتەوە. بێگومان لە ڕەوشی سروشتیدا یاسای ئەرێنیی سروشتی هەن کە برێک ڕەوشی جەنگ هێوردەکەنەوە، وەک: سڵاوکردن، بەهاناوەچوون، هەستان لەبەر میوان و هاوشێوەیان، لێ پێکڕای ئەم ڕەفتارانە تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیی دەنوێنرێن. بەکورتی: ئەمە ڕەوشێکی هەژار،

داماو و دازناوە کە تا سەر مرۆڤان بەرگەی ناگرن. لە حەوسەڵەیاندا نامێنێت. بۆیە زەروورەی پەیمانێکی جڤاکی ناچاریان دەکات هەڵوێست وەربگرن:

"من بەو مەرجە دەستبەرداری مافی خۆم بۆ هەبوونی هەر شتێک دەبم، کە تۆش دەستبەرداری هەمان مافی خۆت بۆ هەبوونی هەر شتێک ببیت".

لێ ئەم پەیمانە جڤاکییە هێشتا ناتەواوە، بەس نییە بۆ "هەڵبەستن"ی دەوڵەت. ئاخر تەنیا کاتێک بەرژەوەندچییان ڕادەگیرێن و بەمەش پەیمانە جڤاکییەکە وەک دەوڵەت کارایی خۆی وەردەگرێت، گەر سەرجەمی پەیماندەران مافی خۆیان تەسلیمی سوڤەرێنێک (سەروەرێک) بکەن کە دەبێت ڕەها (ئەب-سولوت = لێ-جیابۆوە) بێت، واتا خۆی لە دەرەوەی دەوڵەت ببینێتەوە، ئەوجا بە یاسا و زەبری چەک ژیانی ئاشتەوایی بسەپێنێت، سزای ئەوانە بدات کە پێویستە و پاداشتی ئەوانە بداتەوە کە شایستەیین.

هەروەها جۆن لۆک ڕەوشێکی سروشتیی سەرجەمییانە دیاری دەکات. لەم ڕەوشەدا مرۆڤان بە یاریدەی ئاوەزی خودابەخش پێکەوە بەئاشتی دەژین، پێکڕا ئازادن و بە دەستوێژی سروشتی خەریکی ئاڵوگۆڕن (مەڕێک بە فەردەیەک گەنم). لەم ڕەوشەدا هیچ کەس مافی نییە هەبوونی ماف بۆ هەر شتێک لە هیچ کەس زەوتبکات. موڵکایەتی مافێکی پیرۆزی هەمووانە. وەلێ هەمووان وەک یەک ئاوەزیان بەگەڕناخەن و چوست و چالاک نین کە ئیدی تا ڕادەی شیان زەویی فراوان بۆ چاندن بەپیت بکەن. چالاک و ئاوەزمەندەکان بەم مۆرکەیان لە باقییەکەی دیکەی نێوەندە جڤاکی-سروشتییەکە جیادەبنەوە. جگە لەوە کرداری بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنان کە تایبەتە بە ئەوان، لە بەرژەوەندیی هەمووواندایە، چونکە ئەو ئاوەزمەند و چالاکانە پەرە بە داهاتی گەلەکی دەدەن. بۆیە کێ تەمەڵ بێت و زەویی بۆ چاندن بۆ نەمێنێتەوە، مافی نییە گلەیی بکات، چونکە کەسی یەکەم بەهێزی ئاوەز و بازووی خۆی تا ڕادەی شیان زەویوزاری فراوانی بەپیتکردووە و زیاد لە پێداویستیی خۆی بەرهەمی خستۆتەوە. بەم شێوەیە بە هاتنەئارای جیاوازی موڵکایەتی، بەتایبەتیش بە سەرهەڵدانی پارە وەک دەستوێژی ئاڵوگۆڕ کە نە بۆگەن دەکات و نە دەوەرێت، ڕەوشی سروشتیی پڕ لە ئاشتەوایی وەردەگوڕرێت بۆ دۆخی جەنگی یەک دژ بە یەک، کە بەتایبەتی زیانی بۆ دەوڵەمەندەکان دەبێت، چونکە جارێ ئینستانسێک لەگۆڕێ نییە کە مافی موڵکایەتی دیاری بکات و ئاشتەوایی جڤاکی بسەپێنێت. لێرەوە ئیدی پەیمانی جڤاکی پێویست دەبێت و پێکڕا بە ڕێبەریی دەوڵەمەندەکان حکومەتێک پێکدەهێنن، لە نێوەندیشیدا، کەواتە نەک لە دەرەوە وەک لای هۆبس، سوڤەرێن خۆی دەبینێتەوە. سوڤەرێن بە دەنگی زۆرینە دێتە سەر حوکم و هەر بە دەنگی زۆرینە وەک پێویست لادەبرێت. ئەم تیۆرییە دەچێتە نێو دەستووری دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە.

ڕوسۆ تیۆرییەکانی "مافی سروشتی"ی پێش خۆی چاک دەناسی. لێ ئەم، بۆ نموونە وەک هۆبس و لۆک، فەیلەسوفێکی ساردوسڕ نەبوو کە تەنیا بە دارشتنی لۆژیکی، یان بە زمانی هۆبس ببێژین، "بەبێ خشڵ"، خۆی دەرببڕێت. هۆبس دەیگوت، فەلسەفە وشک و ناشرینە، مەبەستیشی لەوە بوو کە نابێت لە فەلسەفەدا کەمترین "ڕەوانبێژی" هەبێت. لێ ئێمە بە نموونەی ڕوسۆ هاوکات بەر هزری "دێلیکاتێس"ی فەڕەنسی دەکەوین، کە واتای "بەچێژ، بەتام" دەگەیەنێت و لەم پەیوەندییەی هزرینیشدا ئاماژەیەکە بۆ دارشتنی جوان کە لە بنەڕەتدا ئەدگاری ئەدەبە. بێگومان گەرەکە ئاماژە بۆ ئەوە بدەین کە ڕوسۆ خۆیشی نووسەری ئەدەبی و هونەرمەند بوو و ئەم ئەدگارەی لە نووسینەکانیدا وێنەدەداتەوە.

ڕوسۆ لە "دیسکورزی نایەکسانی"دا (1755) گۆڕان بە ئەنترۆپۆلۆژییەکەی دەدات. بەم نووسینەی ئەو هزرینی فەلسەفەیی-مێژوویی دێتە نێو فەلسەفەوە بە کاریگەریی قووڵەوە نەک تەنیا لەسەر ئیدیالیزمی ئەڵمانی، بەڵکو لەسەر مارکسیزمیش. ئەنترۆپۆلۆژیی مارکسیزم کتومت ئەنترۆپۆلۆژییەکەی ڕوسۆیە.

ڕوسۆ پەیوەند بە ڕەوشی سروشتییەوە پێشبینیی "ناتوریک"ی، یان زیندەوەرێکی مرۆڤیانەی ئاژەڵئاسا دەکات کە لەنێو خودی سروشتەوە دەر-چووە بەبێ ئەوەی خاوەنی ئاوەز و زمان یان ڕەوشت بێت. ئەم مرۆڤە تەنانەت خواستی بەکۆمەڵایەتیبوونی نییە، بۆیە پەیوەندیی تەنانەت بە هاوڕەگەزی خۆیەوە نییە، بەڵکو بۆ خۆی دەژی و تەنیا مشوری ساتارکردنی پێداویستییەکانی دەخوات، پێداویستییەکانیش بریتین لە خواردن و خواردنەوە، نووستن و جووتبون.

گرنگترین مۆرکی مرۆڤ لە ڕەوشی سروشتیدا بریتییە لە ڕەمەکی "خۆخۆشویستن" کە سروشت بۆ مسۆگەرکردنی خۆهێشتنەوە پێیداوە. ڕەمەکی خۆخۆشویستن بە دیدی ڕوسۆ سیمایەکی باشی مرۆڤی سروشتە، چونکە بەهۆی ئەو ڕەمەکەوە بەردەوام خەریکی خۆیەتی و لێرەشەوە دەیبزوێنێت بۆ ئەوەی خۆی وەک تاک بپارێزێت. مرۆڤ بێگومان ترسی لە ئازار و برسێتی هەیە، ئەوە نەک بەهۆی مەرگەوە، چونکە ئاژەڵ هەرگیز نازانێت کەی دەمرێت. مرۆڤ لە ڕەوتی بەکۆمەڵایەتیبووندا بە مەتریفەی مەرگ و وەی دەگات.

"بەزەیی" ڕەمەکێکی دیکەی سروشتییە و چە لای مرۆڤ و چە لای ئاژەڵ بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لای ئەسپ. بەزەیی "نەویستن ی مرۆڤە بۆ بینینی هاوڕەگەزەکەی لە ئازاردا"، بۆیە خێرا لە تەنگانەدا بەهانایەوە دەچێت، بەمەش بەزەیی دەبێتە هۆی هێشتنەوەی ڕەگەزی مرۆڤ، چونکە سنوورێک بۆ خۆخۆشویستن دادەنێت و نایەڵێت کاریگەرییەکی نالەباری هەبێت. ڕوسۆ بەزەیی لە ڕەوشی سروشتیدا بەرانبەر ڕەوشت لە ڕەوشی جڤاکیدا دادەنێت.

"خۆشەویستی" یەکێکە لەو ڕەمەکانە کە بەسەر هەموو بەربەستێکدا زاڵ دەبێت. لێ خۆشەویستی دوو جۆرە کە ڕوسۆ ناویان دەنێت جەستەیی و دەروونی. یەکەمیان ڕەمەکێکی گشتییە کە ڕەگەزێک بۆ لای ڕەگەزەکەی دی دەبات، دووەمیان مەیلێکە کە ڕەمەکە گشتییەکە بە کەسێکی تایبەتییەوە بەند دەکات. مرۆڤی سروشت بە دیدی ڕوسۆ تەنیا خۆشەویستیی جەستەیی دەناسێت و دوای بەیەکگەیشتنی ڕەگەزەکان و جووتبوونیان، لە یەکدی دووردەکەونەوە، تەنانەت زارۆک دایکی خۆی جێدەهێڵێت دوای ئەوەی پێویستی پێی نامێنێت. بە پێچەوانەشەوە خۆشەویستیی دەروونی هەستێکە کە لەتەک کولتووردا دێتە ئاراوە، واتا لەتەک ئەو خو و نەریتانەدا کە کۆمەڵێک لەسەریان ڕێکدەکەوێت.

ئێمە گەرەکە لای ڕوسۆ جیاوازی لە نێوان دوو قۆناغی ڕەوشی سروشتیدا بکەین: لە ڕەوشی سەرەتایی سروشتیدا نە "من"ی مرۆڤ و نە زمان لەگۆڕێن. لێ پەیوەندیی نێوان مرۆڤان و ژینگە، هەروەها کێشەی ساتارکردنی پێداویستییە مرۆڤییەکان، هێدی هێدی شێوەیەکی نزیککەوتنەوە لە یەکدی پێویست دەکەن. ئاخر درەختی بەرز هەن و مرۆڤ هێندە ئاسان دەستی بە بەری گرتوویان ناگات، ئاژەڵی درندە هەن و بە هەمان خۆراکی ئەو خۆیان دەژێنن، کەواتە ڕوودەکەنە ژیانی ئەو و ناچاری دەکەن فێری ڕاکردن یان بەرگریکردن ببێت، لێرەشدا چەکە سەرەتاییەکانی بەرد و لکی درەختن. بە خڕبوونەوەی ناچارەکیی مرۆڤان کۆمەڵگەلی بچووک دێنەئاراوە کە ئەندامانیان بە خواستی خۆیان لە یەکدی نزیککەوتوونەتەوە، جگە لەوە پێکڕا هاومافن، یەکسانن، ئازادن. هەموو هاوکاریی یەکدی دەکەن تاکو پێداویستییەکانیان ساتار بکەن.

ڕوسۆ لە ڕەوتی دارشتنی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبووندا ئێکسکورزێک دەکات بە خەریکبوونێکی زمانفەلسەفەییەوە لەتەک سەرهەڵدانی زماندا. ئەو بەم فەلسەفەیەی زمان خودای سەردەمەکەی، واتا ئاوەزی ئەزەلی، لەسەر تەختی دەسەڵات دادەگرێت و پێشانی دەدات کە چۆن هەموو تێگەکانی مرۆڤ "هێدی هێدی" لە ڕەوتی بەکۆمەڵایەتیبووندا سەریانهەڵداوە.

یەکەم زمان کە لە ڕەوشی سەرەتایی سروشتیدا پێویستە، بریتییە لە "هاوار" کە ڕەمەکییانە بەهۆی مەترسی یان ئازارەوە لە مرۆڤ هەڵدەستێت و مرۆڤ بەو دەنگە داوای یارمەتی لە هاوڕەگەزی دەکات.

پاشان لەتەک پەرەسەندنی گرفتەکانی ژیان و لە ڕەوتی بەکۆمەڵایەتیبووندا دەربڕین بە دەنگی جیاواز و گەیەنراو بە بزووتنێکی تایبەتیی لەش (بە ژست) دەوڵەمەند دەکرێت تاکو واتاکە ڕوونتر بکرێتەوە. مرۆڤ سەرەتا بابەتە دیار و بزێوەکان بە ئاماژە و بابەتەکانی بیستن بە دەنگ ڕوون دەکاتەوە، لێ تەنیا بابەتەکانی ئامادە دیاری دەکات، ئەویش نەک هەموو کات، چونکە بابەتەکان بە هاتنی تاریکی دیار نامێنن و چیدی شیاوی بەکارهێنان نابن. بۆیە ئێستا "سەرنج" پتر پێویست دەبێت. سەرەڕای ئەوە جارێ دەستوێژی دەنگ زەحمەتە بۆیان بەهۆی ئۆرگانە تورتەکانی زمانەوە، چونکە ڕاهێنانیان پێنەکراوە. لە سەرێکی دیکەوە دەبێت وشەکانیان واتایەکی زۆر فراوانیان هەبووبێت، دەبێت بە یەک وشە ڕستەیەکیان دەربڕی بێت، چونکە جارێ نەیان توانیوە ئاخافتن بەسەر ڕستەی تێگەیەنەردا بەش بکەن. مرۆڤ بەدووی ئەمەدا و بە تەقەلایەکی زۆر و درێژخایەن فێر دەبێت، بکەر لە تەواوکەر و ڤێرب لە ناو جیا بکاتەوە، لێ ناوەکان جارێ ناوی خۆیی بوون و چاوگیش تاکە فۆرمی ڤێرب بووە. تێگەی ڕاناو زۆر درەنگتر دێتە ئاراوە، چونکە هەموو ڕاناوێک ڕوو دەکاتە واژەیەکی ئەبستراکت، هەروەها چونکە ئەبستراکتکردنەکان چالاکییەکی ناسروشتی و درێژخایەنی هۆشمانن. لە ڕەوتی کارابوونی زماندا هەر بابەتێک ناوێکی تایبەتیی لێ دەنرێت بەبێ گرنگیدان بە ڕەگەز و جۆرەکان. گەر داربەڕوویەک ناو بنرێت "ب"، ئەوا دەبێت دارگوێزێک ناوبنرێت "پ"، چونکە یەکەم تێگە کە مرۆڤ لە دوو شتەوە چێی دەکات، تێگەی "جیاوازی"یە، ئەمەش کاتێکی درێژخایەنی تێڕوانینی دەوێت، تا ئیدی مرۆڤ دەزانێت کە داخۆ ئەو دوو شتە لە چیدا جیاوازن یان یەکدەگرنەوە. ئاخر ناولێنانێکی بەم چەشنە ئاسان نییە، چونکە سەرەتا دەبێت مۆرکی بابەتەکان بناسرێت و ئەوجا ئەو لایەنە کە لە یەکیان جیا دەکاتەوە، ئەمانەش پێش پلەی جیاوازیکردن و ناولێنانن. جگە لەوە تێگەکان لە هۆشی مرۆڤدا ناچەسپێن گەر وشەکان یاریدەدەر نەبن، هۆشیش لە ڕستەدا نەبێت لێیان تێناگات. کەواتە مرۆڤ دەبێت فێری ئاخافتن ببێت، کە "هێدی هێدی" لەتەک بەکۆمەڵایەتیبووندا دێتەدی، بەتایبەتی لەنێو خێزاندا، لێرەش بەتایبەتی لای زارۆک، چونکە ناچارە پێداویستییەکانی بە دایکی ڕابگەیەنێت.

ڕوسۆ دوای ئەم ئێکسکورزە ڕوودەکاتەوە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون. بە تەشەنەی ڕەگەزی مرۆڤ بەنێو جیهاندا گرفتەکانی مرۆڤان پەرەدەسێنن. جۆری زەوییەکان کە ئەوان لەسەریان دەژین و کەژەکانی ساڵ دەبن بەهۆی ڕێکخستنی شێوازی جیای گوزەران. ساڵی نەهات، زستانی درێژخایەن و سارد، هاوینی گەرم و پڕووکێنەر، دەبن بەهۆی سەرهەڵدانی وزەی جیاوازی چالاکی لەنێو مرۆڤاندا. مرۆڤان لە کەناری دەریا و ڕوبارەکاندا قولاپ دروست دەکەن و دەبن بە ماسیگر و ماسیخۆر؛ لە دارستانەکاندا تیروکەوان دروست دەکەن و دەبن بە ڕاوچی و شەڕانی؛ لە ناوچە ساردەکاندا دەکەونە بەخێوکردنی ئاژەڵ و بە پێستەکانیان خۆیان دەپۆشن، تا ئیدی جارێک بروسکەیەکی ئاگر هەڵگیرسێنەر ئاگریان پێدەناسێنێت و ئەوانیش بۆ خۆپاراستن لە سەرما بەکاری دەهێنن، پاشان فێری دەستوێژێک دەبن بۆ ئەوەی ئەو توخمە بپارێزن و سەرلەنوێ ئاگر هەڵبگیرسێننەوە. ئەم گۆڕانە نوێیانە دەسەڵات بە مرۆڤان دەدەن مامەڵەیەکی دی لەتەک ئاژەڵاندا بکەن، کە ئیدی پتر بێدار دەبنەوە، ئەوجا فێری "تەڵەنانەوە" و "فێڵ" ی دیکە دەبن، تا لە کۆتاییدا دەبن بە وەستای "بەخێوکردن".

لێ خزانی مرۆڤ بۆ نێو هزرین لەوەش قووڵتر بڕ دەکات: مرۆڤ بە ڕوانینی بۆ دەرەوە هاوکات فێر دەبێت لە خۆی بڕوانێت، بەم ڕێیەشەوە میانەیەک لە نێوان خۆی و جیهانی دەرەوەیدا دەهێنێتە گۆڕێ. ئەمە دەسپێکی "نامۆبوون"ی مرۆڤە لە خۆی، چونکە بە ڕوانین لە خۆ یەکانەی مرۆڤ دەپچڕێت - دەبێت بە دوو بەشەوە. سەرەڕای ئەوە ئێستا لە ناخی مرۆڤدا ئارەزووی "نازین" دەپشکوێت و هاوکات خۆی وەک ڕەگەز لە سەرووی ئاژەڵەوە دادەنێت، کە پاشان لێرەوە فێردەبێت لەنێو ڕەگەزەکەی خۆیشیدا جیاوازی بکات. ئاخر تاکی مرۆڤ لە ڕوانینیدا بۆ دەرەوە هاوڕەگەزی خۆیشی دەکەوێتە بەرچاو.

ئەم گۆڕانانە زۆر درێژخایەنن و هەنگاوەکان هێواش دەنرێن، لێ توانا بە مرۆڤان دەدەن هەنگاوی خێراتر بنێن: تا چەند هۆش پێبگات، ئەوەندەش بەرهەمەکانی چالاکیی لەشیان کامڵتر دەبن. ئێستا چیدی مرۆڤ لەنێو ئەشکەوتدا نانوێت، بەڵکو بە ئامرازی بەردین "خانوو" لە قوڕ و لکی درەخت دروست دەکات. ڕوسۆ ئەم گۆڕانە نوێیە ناو دەنێت "یەکەم شۆڕش (ڕێڤۆلوسیۆن)". مرۆڤان بەهۆی ئەم گۆڕانەوە بەسەر خێزانی جیاوازدا بەش دەبن، سەرەڕای ئەوە بەشداربووانی ئەم کۆمەڵە بچووکانە جارێ لە یەکێتیدا پێکەوەدەژین، چونکە ئازاد و یەکسانن. ئەم ڕەوشەی ئێستا ئەوەیە کە لە مارکسیزمدا ناودەنرێت "کۆمونەی سەرەتایی".

لێ ئەم ڕەوشە لەنێو خۆیدا یەکەمین توخمەکانی سەرهەڵدانی نایەکسانیی لەخۆگرتووە، چونکە ئازاترین و جوانترین کەس، دەنگخۆشترین و باشترین سەماکەر و هتد بەزۆریی "دەرکیان پێدەکرێت"، بەمەش فێری "ناز" و "فیز" دەبن. ئەوجا گەرچی ئەم ڕەوشە هێشتا هەر "لاوێتیی ڕاستینەی مرۆڤایەتییە" و هیچ ناچارییەکی بۆ تێکچوون لە خۆ نەگرتووە، وەلێ کتوپڕ ڕوداوێک سەرجەم ژیان دەگۆڕێت، هەروەک ببێژین، "کودەتایەک" بەسەر ژیانی ئازادی و یەکسانی و خۆشەویستیدا ڕوودەدات، کە ڕوسۆ بەم شێوەیە دەریدەبڕێت:

"یەکەم کەس کە بە بیریدا هات ببێژێت 'ئەم زەوییە هینی منە'، ئەوجا کەسانێکی زۆری ساویلکە بڕوایان پێکرد، ئەو کەسە دامەزرێنەری ڕاستینەی سیڤیلیزاسیۆنە / ژیارییە".

کەواتە ئاگایی موڵکداری هۆکاری کۆتاییهێنانە بە ڕەوشی "سەرەتایی" سروشتی و دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی ئەو ڕەوشە. ئیدی هەرکەس دەیەوێت خاوەندار بێت، بەم ڕێیەشەوە ئێستا "خۆویستی" جێ بە خۆخۆشویستن لێژ دەکات، تەنانەت سەروەری بەسەریدا وەردەگرێت. ئەم هەستە تەواو نێگەتیڤە، چونکە مرۆڤ بەهۆیەوە گیرۆدەی خۆی دەبێت و هۆش و ئارەزووی تەنیا بە بەرژەوەندییە ماتەریەلەکانییەوە خەریک دەبن. خۆویستی دەردە و مرۆڤ بەهۆیەوە لە خۆی وەک بەشێک سروشت نامۆبووە.

بەکارهێنانی زەوی بۆ کشتیاری و پاشان دابەشاندنی، ڕاستەوخۆ ماف بە خاوەنی دەدات بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی بۆ خۆی هەڵبگرێت و پاشان زەوییەکە خۆیشی وەربگرێت. لێرەوە موڵکداریی بەردەوام سەرهەڵدەدات، کە ساڵ بە ساڵ دەگۆڕرێت بۆ خاوەنداریی تایبەتی. کشتیاری بە دیدی ڕوسۆ بریتییە لە بناغەی سەرهەڵدانی خاوەنداری و دامەزراندنی حکومەت و دانانی یاسا.

لە ئەنجامی کاری دابەشدا کشتیار و کارکەری مێتال لە یەکدی جیادەبنەوە، هاوکات ناچار دەبن بەرهەمەکانیان لەگەڵ یەکدیدا بگۆڕنەوە. لێ ڕادەی جیاوازی پێداویستییە ئابوورییەکان دەبێت بەهۆی سەرهەڵدانی ئاستی جیاوازی بەندبوونی نێویەکی لەنێو سەرجەم دانیشتواندا، تا لە کۆتایی ئەم گۆڕانە بەردەوامەدا موڵکدار و بێموڵک سەرهەڵدەدەن و بەرانبەر یەکدی دەوەستنەوە. موڵکدارەکان پشت بە "مافی سروشتی" دەبەستن، واتا بەو کاتە کە دەستیان بەسەر یەکەم موڵکدا گرت، لێ بێموڵکەکان جەخت لە "مافی بەهێزتران" دەکەن. سەرەڕای ئەوە موڵکدارەکان جارێ ناتوانن مافێک بسەپێنن کە بەو پێیە بێموڵکەکان لە "هەبوونی ماف بۆ هەر شتێک" بەدەربکرێن. سەرەنجامی ئەم بەدپەیوەندییە بریتییە لە "جەنگی یەک دژ بە یەک" کە بەتایبەتی زیان بە دەوڵەمەندەکان دەگەیەنێت، چونکە لە لایەک لەنێو خۆیاندا یەکگرتوو نین و لە لایەکی دی هێزێکی ئەوتۆیان نییە کە خۆیان و موڵکەکانیان بپارێزێت. ڕوسۆ لێرەشدا بە بۆهاتنێکی بلیمەتانە وەرچەرخانەکە ڕووندەکاتەوە: "دەوڵەمەند" پلانێکی "بێڕادە فێڵبازانە" دەچنێت: "پەیمانی جڤاکی". دەوڵەمەند ڕووی دەمی دەکاتە مرۆڤەکانی دەوری:

"با یەک بگرین، تا لاوازان لە چەوساندنەوە بپارێزین و تەمائکاران بەگیربهێنین، تا بۆ هەر یەکەمان ئەوە مسۆگەر بکەین کە هینی ئەو خۆیەتی؛ با پەیڕەوەکانی ئاشتی و دادپەروەری دابڕێژین،

تاكو هەمووومان بۆ پێکەوەژیان ناچار بکەن؛ بە کورتی، لەجیاتی ئەوەی هێزەکانی خۆمان بۆ تێکشکاندنی خۆمان بخەینە گەڕ، لە دەسەڵاتدارییەکی تاک و بڵنددا یەکیان دەخەین، تاکو بەگوێرەی یاسای دانایانە ڕێبەریمان بکات، ئەندامانی جڤاک بپارێزێت و بەرگرییان لێ بکات، دوژمن بشکێنێت و ژیانی گشتی لەنێو بەختیارییەکی نەگۆڕدا مسۆگەر بکات."

بەم شێوەیە هەژارانی لەژمارەنەهاتوو بۆ پەیمانێک ناچاردەکرێن کە بەتایبەتی زیان بە خۆیان دەگەیەنێت، چونکە ئێستا بۆ هەمیشە ڕەوایەتی بە نایەکسانیی جڤاکی دەدرێت.

"دیسکورزی نایەکسانی" بە سەرهەڵدانی دەوڵەتی بێدادی دەوڵەمەندەکان کۆتایی پێدێت. ڕوسۆ چەند ساڵێک دوای ئەو نووسینە (1762)، بە نووسینێکی دیکەی تیۆرییانە خۆی بە پرسی دەسەڵاتدارییەکی ڕەواوە خەریکدەکات: "پەیمانی جڤاکی".

دەستپێکی ئەم نووسینە ڕستە بەناوبانگەکەیەتی کە دەبێژێت: "مرۆڤ بەئازادی دێتە جیهانەوە، لێ لە گشت لا لە کۆت و زنجیردایە". ئێمە بێگومان بۆ تێگەیشتن لەم ڕستەیە دەبێت پرسیار و وەڵامەکانی دوای ئەو بخوێنینەوە. ئاخر ڕوسۆ بەدوویدا دەپرسێت: "ئایا چۆن ئەوە هاتۆتە ئاراوە؟"، ئەوجا خۆی وەڵام دەداتەوە: "نازانم"؛ "ئایا چۆن ئەوە چارەسەر دەکرێت؟ باوەڕ دەکەم بتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە". ڕوسۆ بە "پەیمانێکی جڤاکی" وەڵامی کێشەی ئازادیی مرۆڤ و پێکەوەژیان دەداتەوە، وەلێ وەڵامەکانی گەلێک دژبێژی لە خۆ دەگرن. ئاخر وەک گۆتمان ئەو سیستەمگەرا نەبوو و دەرچەیەکی هزرینی لۆگیکی بچەسپێنێت.

ئازادی پرسی ڕوسۆیە. لێ ئازادی هەردەم دەشێت وەک هەقیقەتێکی ناخەکییانەی مرۆڤ لەگۆڕێ بێت، واتا جیاوازە لە پابەندی مرۆڤان بە دەسەڵاتدارانەوە، بە ڕەوشە ئابووری و جڤاکییەکانەوە. ئەمەش قووڵترین کێشەی بنیاتنانی دەسەڵاتی سیاسییە.

لای ڕوسۆ بەبێ پێکەوەگرێدانی پەیمانی جڤاکی (دەوڵەت) و ئەخلاق نەشیاوە دەسەڵاتدارییەکی سیاسیی ڕەوا دابمەزرێنرێت، کە ئاشکرایە لەبرییەکە بۆ دەوڵەتی ستەمکاری دەوڵەمەندەکان. ئەم فیلۆبازانە دوای تێکچوونی دۆخی ئاشتەوایی و ئاسایشی سروشتی خەڵکیان بۆ خاتری بەرژەوەندیی تایبەتییان فریو دا و لە خۆویستییەوە پەیمانێکی جڤاکییان بەسەردا زیتکردنەوە، وەک ستەمکار بەسەریانەوە زیتبوونەوە. ڕوسۆ بە پێچەوانەوە پەیمانێکی جڤاکیی دەوێت کە ***"لە نێویدا هەرکەس، کاتێک لەتەک هەمووواندا یەکی گرتووە، تەنیا گوێڕایەڵی خۆی بێت"*** و هاوکات وەک "ئەندام" هەمەکییانە (تۆتال) لەتەک جڤاکدا یەکبگرێتەوە. لێرەدا واژەی "هەرکەس" ئاشکرای دەکات کە ئەو مەرجە بەبێ جیاوازی چواندنی بۆ سەرجەم پەیمانبەستووان هەیە، کەواتە هیچ کەس بۆی نییە داوا بکات ئەو مافانەی بۆ بهێڵرێنەوە کە پێش بەستنی پەیمان هەیبوون، یان گەر تەنانەت کەمترین بڕی لەو مافانەی پێشووی پێبدرێتەوە، پەیمانی جڤاکی هەڵدەوەشێتەوە.

ئێمە لەم پەیمانە جڤاکییەی ڕوسۆدا کۆکردنەوەی مافەکانمان نییە، یان بە شێوەیەکی نێگەتیڤ ببێژین، گەلەکۆمەکێمان نییە، گەڕەلاوژێی سوننەتیمان نییە، بەڵکو بەستنی پەیمانێکمان هەیە لە پرنسیپی چەسپێنراوەوە. ڕوسۆ ئەم پرنسیپە ناو دەنێت "ویستی گشتی" وەک دەرهاویشتەی ویژدان.

پەیمانی جڤاکی فاکتە، سەرهەڵدانێکی سیاسییە، لێ ویستی گشتی فاکت نییە، بەڵکو ئاڕاستەییە، بریتییە لە "گەرەک" و فۆرمێک دەچەسپێنێت کە لە دوو ڕووەوە کارایی وەردەگرێت: دەبێت لە ناخی هەر تاکێک و هاوکات لە ناخی هەمووواندا هەبێت. واتا: ویست "گەرەکە" گشتی بێت پەیوەند بە هەر تاکێکی پەیمانبەستووەوە، کەواتە هەمووان بەبێ جیاوازی بگرێتەوە، هەروەها "گەرەکە" ئاڕاستەی

سەرجەم، واتا خۆی کرابێت. ئەوجا لەبەر ئەوەی ئێستا ویستێکی ئۆبژێکتیڤییە کە بە مرۆڤ نابێژێت "چی" ئەنجام بدات، بەڵکو فەرمان دەدات کە "چۆن" گەرەکە ئەو بڕیار بدات بۆ ئەوەی خۆی و کردارەکانی چاک بن، ئەوا بریتییە لە ئۆتۆنۆمی و ئازادی.

ئێمە بۆ تێگەیشتن لە ویستی گشتی وەک ویستی سەرجەم گەرەکە لە پێکهێنانێکی دیکەی جڤاکی بڕوانین کە ڕوسۆ ناوی دەنێت "ویستی هەمووان" وەک کۆی ویستەکان. لێرەدا بەر تێزەکەی تیۆریی گێشتاڵت دەکەوین کە دەبێژێت: "سەرجەم / فۆرم گەورەترە لە کۆی کەرتەکان". بۆ نموونە فۆرمی خانوویەک کە بەنێو خانووەکەدا "هەڵهاتووە"، گەورەترە لە کۆی کەرتەکانی خانووەکە، وەک بەرد، دەرگە، پەنجەرە و هتد. ئەم فۆرمە سەرجەمییە ئامانجی پەیمانە جڤاکییەکەی ڕوسۆیە، بە پێچەوانەشەوە ویستی هەمووان تەنیا کۆی بەرژەوەندییە جیاکانە، چونکە هەر تاکێک پەیمانەکەی بە مەرجی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی قبووڵکردووە. ئێمە لەم کێشەیە باشتر تێدەگەین، گەر لە هەڵوێستی ڕوسۆ بەرانبەر پارتی سیاسی و دەستە و تاقمە یەکگرتووەکان بڕوانین. هەموو پارێکی سیاسی دەشێت پەیوەند بە خۆیەوە ویستێکی گشتی، لێ پەیوەند بە سەرجەم جڤاکەوە ویستێکی تایبەتیی هەبێت. بۆیە ڕوسۆ داوا دەکات کە نابێت لەنێو دەوڵەتدا پارتی سیاسی هەبێت، چونکە پارت شوێن بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکەوێت، بەو ڕێیەشەوە زیان بە دەوڵەت، واتا بە "گەلی یەکگرتوو" دەگەیەنێت. هەروەها جیاوازیکردنی ڕوسۆ لە نێوان "سیتۆیا" و "بۆرژوا"دا کلیلێکمان بۆ تێگەیشتن لە پەیمانە جڤاکییەکەی ئەو پێدەدات. ئەوانەی یەکەم پەیمانبەستووانن، ئەوانەی دووەم، واتا بۆرژواکان، دوای بەرژەوەندیی تایبەتییان، دوای ویستی تایبەتیی خۆیان، دەکەون.

کەواتە ڕوسۆ لەم پەیوەندییەی پەیمانی جڤاکیشدا دەکەوێتەوە بەردەم کێشەی ئەو نامۆبوونەی نێو دۆخی سروشتییانەی جەنگی یەک دژ بە یەک کە لە "دیسکورزی نایەکسانی"دا دایڕشت. بێگومان ئەم کێشەیەی نامۆبوون هەر تاکێک دەگرێتەوە، کەواتە زۆر قووڵتر لە پەیوەندییە نوێ سەرهەڵداوەکانی نێو دەوڵەت بردەکات (کە لە خوارەوە ڕوونتر دەبێتەوە). سەرەتا ئێمە لە دەوڵەتەکەی ڕوسۆدا کە ناوی دەنێت "ڕێپوبلیک / کۆمار"، لە لایەک پەیمانبەستووانمان هەن کە بەویژدانانە لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا لە ویستی گشتیی خۆیانەوە کردار دەنوێنن، لە لایەکی دی "لە وڵاتدا" کەسان هەن کە گوێ لە دەنگی ویژدان ناگرن، بەڵکو خۆویستیی بێجڵەو وەک بناغەی تێڕوانین و ژیانیان دادەنێن. ئێمە لێرەدا بەرووبەڕووی تیۆریی "سوڤەرێن"ەکەی ڕوسۆ دەبینین. لای هۆبس پەیمانبەستووان سەرجەم مافی خۆیان بە سوڤەرێنێک دەدەن کە لە دەرەوەی قەوارە سیاسییەکەوە، دەوڵەتەوە، بەسەریانەوە حوکم دەکات؛ جۆن لۆک سوڤەرێنێک بە دەنگی زۆرینە لە نێوەندی قەوارە سیاسییەکەدا بۆ حوکمڕانی دادەنێت؛ لای ڕوسۆ بە پێچەوانەوە یەکگرتووان خۆیان بریتین لە سوڤەرێن، کە لەسەر ڕێنومای ویستی گشتی سەرجەمە ویستێکی گشتی پێکدەهێنن، بۆیە ئەم سوڤەرێنە نەشیاوە بەرژەوەندییەکی جیای لە هینی ئەوان خۆیان هەبێت. ئەوجا ئەنجامدانی ویستی گشتی بریتییە لە سوڤەرێنێتی و تەنیا ئەم بۆی هەیە دەوڵەت ڕووەو ئەو ئامانجە بەڕێوەبەرێت کە خودی دەوڵەت لە پێناویدا دامەزراوە: بەختیاریی گشتی. تیۆریی سوڤەرێنی ڕوسۆ بریتییە لە تیۆریی دێمۆکراتییەکی جەماوەری.

لێ چۆن پەیمانی جڤاکی بەبێ پرنسیپی ویستی گشتی کارایی وەرناگرێت، بەهەمان شێوە سوڤەرێنێتی ناتوانێت بەبێ بنەڕەتێکی گشتگیر ئامانجەکانی چالاکبوونی خۆی بەدیبهێنێت. ئەم بنەڕەتە بریتییە لە یاسا کە گەرەکە دەوڵەت بەرەو ئامانجی دامەزراندنی ئاراستە بدات. لەم ڕوانگەیەوە پەیمانی جڤاکی یان دەوڵەت لای ڕوسۆ قەوارەیەکی چەسپێنراوی ویستی گشتییە، لێ هاوکات پرۆژەیە، واتا لە بزووتندایە ڕووەو بەدیهێنانی بەختیاریی گشتی، ئەمەش وەک نیشانەی ئاشتبوونەوەی، واتا یەکگرتنەوەی مرۆڤ لەتەک خودی خۆیدا - وەک کۆتاییهێنان بە نامۆبوون (کۆمونیزمە یوتۆپییەکەی مارکسیزم).

ڕوسۆ لەم پەیوەندییەشدا خزاوەتەوە نێو دژبێژییەوە، لێرەشدا بەر کێشەیەکی نامۆبوونی مرۆڤ لە خۆی و سروشت دەکەوین کە لە سەرەوە پێشانمان دا. ڕوسۆ یاسا وەک بەرجەستەبوونی ویستی گشتی، وەک یاسای سەرجەم "گەل"ی پەیمانبەستوو بۆ هەمووان دیاری دەکات، لێ هاوکات دەبێژێت: گەرچی "گەل" هەردەم چاکەی دەوێت، ئەویش چونکە لە ویستی گشتیی خۆیەوە کردار دەنوێنێت و هاوکات خۆی خستۆتە ژێر ڕکێفی ویستی گشتییەوە وەک ویستی سەرجەم، سەرەڕای ئەوە هەموو کات لە لایەنی خۆیەوە کێشە ئاڵۆزەکان نابینێت و ئەو بڕیارانە ناناسێت کە ویستی گشتی بەڕێوە دەبەن. ئاخر بڕیارەکان ڕۆشن نین، بۆیە پێویستییەک بەرۆکیان دەگرێت: پێویستە ڕێگەی ڕاستی پێشانی گەل بدرێت و کێشە و بڕیارە ئاڵۆزەکانی بۆ ڕوون بکرێنەوە.

لەم ڕوانگەیەوە دەوڵەت پێویستی بە "لێجیسلاتۆر"ە (یاسادانەرە)، واتا بە "مرۆڤێکی شاز" کە خاوەنی "ژیرییەکی نائاسایی" و "دەروونێکی میهرەبان"ە، کە هەموو سۆزەکانی مرۆڤ دەناسێت و لەژێر ڕکێفی هیچ کامیاندا نییە، کە بەختیارییەکی سەربەخۆی لە بەختیاریی گەل هەیە و سەرەڕای ئەوە مشوری بەختیاریی گەل دەخوات. ڕوسۆ پەیوەند بە لێجیسلاتۆرەوە تەنانەت دەبێژێت: "مرۆڤ پێویستیی بە خودایەکە تاکو یاسای بۆ دابنێت". لێ ئەم داواکارییەی ڕوسۆ پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە.

لێجیسلاتۆر یاسادانەر نییە. گەر ئەو دانەری یاسا بێت، ئەوسا یاساکان هێنی خۆی دەبن، کەواتە لە نێویاندا ویستی تایبەتیی خۆی بەرجەستە دەکات. لەم ڕوانگەیەوە تێگەی لێجیسلاتۆری ڕوسۆ تەنیا دەستوێژێکی کۆنستروکسیۆنە. ڕوسۆ دەبێژێت: "لێجیسلاتۆر کۆمار دادەمەزرێنێت، لێ خۆی لە دەستوور بەدوور دەگرێت. پێگەی ئەو ئاستێکی تایبەتی و بەرزترە و هیچ پەیوەندییەکی بە دەسەڵاتداریی مرۆڤەوە نییە". ئەو تەنیا بەڕێی داناییەکەیەوە ویست و بەختیاریی گەل دەناسێتەوە، هاوکات ئەرکێک لە ئەستۆیدایە کە هاوشێوەی پێگەکەی شازە: لەبەرئەوەی گەلی خۆیەکخستوو لە زەمانی مۆرالپەروەری و دانایی، واتا لە زەمانی یاسادانەر (و فەیلەسوف) تێناگات، هەروەها لەبەر ئەوەی هەموو ئەندامێکی جڤاک تەنیا بەو پلانانە ڕازی دەبێت کە پێی هەڵدەسووڕێن و تێیاندا سوودی خۆیی دەبینێت، ئەوا ئەرکی سەرەکیی لێجیسلاتۆر بریتییە لە پەروەردە. لێرەدا ئاشکرایە کە گەل دەبێت ئۆتۆرێتیی ئەوی ناساندبێت تاکو ئیدی بتوانێت ئەرکە یەکجار "مەزن و دژوار"ەکەی بەجێبگەیەنێت کە ڕوسۆ دەیخاتە ئەستۆی: لێجیسلاتۆر دەبێت پێکهاتەی ناخەکییانەی مرۆڤ هەڵبگێڕێتەوە و کەسێتییەکی دیکەی پێبدات؛ دەبێت لە مرۆڤ هێزە خۆییەکانی بسەنێت و هێزی دیکەی ئەوتۆی پێبدات کە بە ئەو نامۆن و بەبێ یارمەتیی کەسانی دی نازانێت بەکاریان بهێنێت؛ دەبێت فۆرمی هەر ئەندامێک کە لە خۆیدا سەرجەمێکی کامڵ و سەربەخۆیە، بۆ کەرتی سەرجەمێکی گەورەتر وەربگۆڕێت!

ئامانجی ڕوسۆ لەم ئەرکە "مەزن و دژوار"ەی لێجیسلاتۆردا ئەوەیە کە "ئاگایی جڤاک ببێت بە بەرهەمی دەستوور". ئێمە لەم ڕوانگەیەوە گۆڕانێکی مێژوویمان لای ڕوسۆ هەیە بە ئامانجێکی دیاریکراوەوە: "پەرجوی یاسا" گەرەکە هاوڵاتییان بەو ئازادییە بگەیەنێتەوە کە لە دۆخی سەرەتایی سروشتیدا مۆرکی ئەوان بوو. لێ لەبەر ئەوەی ئەو ئەرکە بۆ خودی لێجیسلاتۆر ببێت بە مایەی لێهزرین، یان ببێژین، تەنانەت ببێت بە مایەی سەرئێشە، ئەوا زۆر جار ناچارە لە پێناوی بڕواهێناندا بە ڕاڤەی کێشە زۆر و ئاڵۆزەکان هانا بۆ ئۆتۆرێتییەکی دیکە بەرێت کە بەبێ زەبر و گفتدان بڕواهێنەر بێت بە مرۆڤ، واتا هانا بۆ ئاسمان بەرێت، هاوشێوەی باوکانی گەلان (موسا، لیکروگ، محەمەد) کە هانایان بۆ ئاسمان بردووە و بانگی خودایەکیان کردووە، هاوکات دانایی خۆیان وەک پەیامی نێرراوی خودا ڕاگەیاندووە تاکو گەلەکانیان بڕوایان پێبکەن. مەسەلەکە لای ڕوسۆ لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە، کە گەر مرۆڤ یاساکان وەک دەربڕینی ویستی خودایەکی ئەزەلی ببینێت، ئەوسا ناتوانێت لێیان لا بدات، هاوشێوەی یاساکانی سروشت کە هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت وەریانبچەرخێنێت، کەواتە یاساکان هاوشێوەی یاساکانی سروشت وەک زەروورە وەردەگرێت و بە ڕێگری ئازادیی خۆی دایان نانێت.

گەچی سەرجەم دەسەڵات لای گەلی پەیمانبەستووە وەک سوڤەرێن، سەرەڕای ئەوە گەرەکە حکومەتێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە پێویستەکانی کۆمار پێکبهێنرێت. لێ پرسی بەڕێوەبەرایەتی لای ڕوسۆ لاوەکییە، گرنگ ئەوەیە کە سوڤەرێن بەردەوام چالاک بێت: گەرەکە کۆمیتە جیاوازەکانی سەرجەم ناوچەکان لە کۆبوونەوەی بەردەوامی پێویستدا بن، گەرەکە "دێمۆکراتییەکی خۆسەری" بریتی بێت لە کەتواری جڤاک، هاوکات هەر سوڤەرێن خۆی چاودێریی هەر هەنگاوێکی حکومەت بکات تا دەرفەتی نەبێت لە ئەرکی پێدراوی کە خزمەتکاریی سوڤەرێنە، لابدات. ئەرکی حکومەتێکی بەم چەشنە ئەوە نییە کە هەژاران لە دەوڵەمەندان بپارێزێت، بەڵکو ئەوەیە کە ڕێ لە کۆکردنەوەی سامانی زۆر لە هەمووان بگرێت. بێگومان ڕوسۆ دژی خاوەندارییی تایبەتی نییە، بە پێچەوانەوە بە مافێکی نەشیاوی دەستبەرداریی دادەنێت. گرنگ ئەوەیە کە نابێت لە کۆماردا دەوڵەمەند و هەژار هەبن.

کۆمار دوو زەمینەی ئابووریی پێویستە: کشتیاری کە یەکەم دابینکەری ئاسایشی جڤاکی و ئایندەی کۆمارە، ئەوجا پیشەی دەستی. ڕوسۆ دژی ئیندوستریی زەبەلاح بوو. ئێمە لێرەشدا سەرلەنوێ ئاماژەیەک بۆ گەلی پەیمانبەستوو وەردەگرینەوە. کشتیاران سەرجەم پێداویستییە خۆراکییەکانی کۆمار دابین دەکەن، پیشەگەرانی دەستی ئامرازە پێویستەکان بەرهەمدەهێنن. ئێمە لێرە لای ئەو توێژەین کە لە مارکسیزمدا ناودەنرێت "وردە بۆرژوا". ڕوسۆ لای ئەمان لە ماڵی خۆیدا بوو. ئاخر پیشەگەرانی دەستی بە داهاتی کەم ڕازی دەبن، هاوکات کار بە کەسانی دیکە دەدەن، واتا بە شاگردەکانیان، بەمەش لە بەرژەوەندیی کۆماردا هەڵوێست وەردەگرن. ڕوسۆ لە ڕۆمانی "ئێمیل"دا ئامۆژگاریی ئێمیل دەکات کە گەرەکە لە تەمەنی گەنجێتیدا فێری پیشەیەکی دەستی ببێت، چونکە بەو ڕێیەوە ئازاد دەبێت: کەی قسەیەکی ناشرینی پێبگۆترێت، هەگبەکەی دەپێچێتەوە و دەڕوات، ئەوجا لەتەک خۆیدا "هەردوو دەستی دەبات". پیشەگەری دەستی وەک کشتیار نییە کە دەشێت ڕۆژی چەند جار لەسەر زەوییەکەی ڕسوا بکرێت. بێگومان ئاشکرایە لێرەدا ڕوسۆ لە کشتیارانی نێو ڕەوشی سروشتی دەدوێت نەک نێو ڕەوشی کۆماری.

ئێمە لە سەرەوە بە نموونەی پەرجوی یاسا و ڕۆڵی لێجیسلاتوێر بینیمان کە ڕوسۆ زۆر ڕیشەییترە لەوەی تەنیا بە پەیمانێکی پراگماتییانەی جڤاکی قایل بێت. ئێستاش بە هەمان شێوە، دوای دیاریکردنی سوڤەرێنێتی و ڕۆڵی حکومەت و ئابووریی دەوڵەت، بنەڕەتێکی دیکەی "شوناسی کۆمارەکەی" دەچەسپێنێت کە بەڕاستی شۆڕشگێڕە: کۆمار زەمینەیەکی ڕەوانیی پێویستە، واتا ئاینێک وەک لەبریی بۆ ئاینی کریستیانی. ئاخر هەموو دەوڵەتێک پێویستی بە ئاینە وەک بناغەیەکی شوناسییانەی یەکێتیی دەوڵەت. ڕوسۆ ئەم ئاینە ناو دەنێت "ئاینی هاوڵاتی" کە تەواو جیاوازە لە ئاینی کریستیانی (یان ئاینە ئاسمانییەکانی دی). ئاینی کریستیانی داوای ملکەچی لە مرۆڤان دەکات و ڕێنوما ئاینییەکانی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت، ئەوانیش دەبێت بێچەندوچوون ڕازی بن پێیان، هەروەها دەبێت ڕێکخراوە دامەزراوەییەکەی قبووڵ بکەن، کەواتە ڕێیان پێنادات وەک هاوڵاتیی ئازاد ئەرکەکانیان گونجاو بە توانستیان ڕاپەڕێنن. "ئاینی هاوڵاتی" بە پێچەوانەوە گەرەکە پاڵهێز بێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان فرمانەکانی خۆیانیان "خۆشبوێت"، ئەمەش بەواتای، گەرەکە ڕێنوماکانی وەک لای کریستیانەکان "دۆگم نەبن"، بەڵکو دەرهاویشتەی "هەستی جڤاک" بن و بەمەش بە هەر هاوڵاتییەکی پەیمانبەستوو ئاشنابن. تەنیا بەڕێی ئەم هەستەی سەرجەم جڤاکەوە دەرفەت دەڕەخسێت بۆ ئەوەی هەر ئەندامێک بتوانێت "هاوڵاتییەکی چاکی دەوڵەت و ژێردەستەیەکی دڵسۆزی یاساکان" بێت. بۆیە گەرەکە بنەماکانی ئاینی هاوڵاتی بە ژمارە کەم بن، هاوکات ڕوون بن و پێویستیان بە ڕاڤەکردن نەبێت. گرنگترینی بنەما پۆزەتیڤەکانی ئیمان بریتین لە: هەبوونی خودایەتییەکی ئاوەزمەند، پیرۆزیی پەیمانی جڤاکی و یاساکان.

بێگومان چۆن لەنێو کۆماردا کەسان و گروپی جیاواز هەن کە دوای ویستی تایبەتیی خۆیان دەکەون، بۆ نموونە "بۆرژواکان" یان تاقمە سیاسییەکان، بە هەمان شێوە مەرج نییە لە پرسی ئاینی هاوڵاتیشدا هەمووان بڕوای پێبهێنن. ڕوسۆ لەم ڕەوشەدا ماف بە سوڤەرێن دەدات ئەو کەسانە لە دەوڵەت

بکاته دەرەوە کە بڕوایان بە ئاینی نوێی کۆمار نەهێناوە، لێ نەک وەک بێئیمان (ئەمە هەڵوێستی کریستیانەکان بوو لەدژی کەسانی دی)، بەڵکو وەک "دوژمنی جڤاک" کە یاساکان و دادپەروەرییان خۆشناوێت، یان ژیانیان لەکاتی پێویستدا بۆ فرمانەکانیان بەخت ناکەن. ڕوسۆ هەر لەم پەیوەندییەدا هەڵوێستێکی توند لەدژی ئەو کەسانە وەردەگرێت کە بەرواڵەت، نەک ناخەکییانە، بڕوا بە بنەماکانی ئاینی نوێ دەهێنن و هاوکات تا ڕادەی شیان بە پێچەوانەی ئەوانەوە کردار دەنوێنن. سوڤەرێن گەرەکە سزای مەرگ بەسەر ئەم جۆرە کەسانەدا بسەپێنێت.

گەرچی ڕوسۆ دژبەری شۆڕشی بگۆڕی پەیوەندییە جڤاکییەکان بوو، بەڵکو تەنیا تیۆرییەکی جڤاکی بەداد دادەنێت، سەرەڕای ئەوە لە ڕووی هزرییەوە ڕوسۆ دەبێت بە یەکێک لە ڕێخۆشکەرانی شۆڕشی فەڕەنسی، هاوکات کتێبی "پەیمانی جڤاکی" دەبێت بە ئینجیلی ژاکۆبییەکان و ڕۆبسپیا بەتایبەتی کە تەنانەت لە "ئاینی هاوڵاتی"یەکەی ڕوسۆوە ئاینێکی نوێ بۆ دەوڵەتی فەڕەنسی بنیاتدەنێن و ڕایدەگەیەنن.